# ئەریٚ بەڕاست شیعر هیٚمایی نەگبەتیە ..؟

ڕێبوار عارف
fediraq@welho.com

لە هەرەتی لاویەتیدا باوکم زووزوو پیٚ دەوتم ، ڕۆڵە نەکەی توخنی شیعرومعر کەویت، شیعر نەگبەتیە نەگبەتی... منیش هەر لەوکاتەوە پشتم کردە خولیای شیعرو شیعر نووسین، بەلام نەك لەترسی نەگبەتیەکەی بەڵکو هەستم دەکرد دەرەقەتی زمان و ویٚنەی شیعر نایەم وئیٚستەشی لەگەڵدا بیٚ ئەگەر شتیٚکیشم نووسیبیٚ هەر لەجیٚ ژوانی (خۆم و ئەو )ا دەبیستراوە. ئەوەش بلٚیم، سەربارى هەموو تکاونزاکانی باوکیشما بەلام دەست بەرداری ئارەزوی شیعر خویٚندنەوە نەبووم. ئەگەرچی لەم سالانەی دوایدا کەم کەم لەو ئارەزوەشیان کردین، ئاخەر زۆرکەس هاتن وشیعریان بۆ ئەتککردن هۆنیەوەو پەنجەیان لیٚ ڕادەوەشاندین نەبادا تووخنی شەقامیٚك کەوین کە بۆنی شیعری لیٚبیٚت. دەمیٚك سالٚ بوو لە جیهان وجوانیەکانی شیعر دابڕابووم، ئەم سالٚانەی دوای ناوبەناو هەستم دەکرد واجاریٚکیکە شیعر بەدواما دەگەڕیٚ کە بیخویٚنمەوە . ئەگەرچی کەمیٚك هەستم بە نائومیٚدی دەکرد، بەلام سەرئەنجام هەندیٚك شاعیریٚ ( نەگبەت ) پەلکیٚشیان کردمەوە بۆ گویٚڕادیٚرین لە شیعر .....

لە یادمە هیٚشتا خویٚن بەجەستەی دوعاوە ووشك نەببووەوە لە ئاپۆرەی ووتارنووسین وکۆرو کۆبوونەوەکانی ئەو ڕۆژانەدا ڕێبوار سیوەیلی شیعریٚکی بۆ دوعا نووسی کەووتی من شایستەی ئەو ڕووداوە تراژیدیەم و شیعردۆستان وەرن بۆ تاویٚك گویٚ ڕادیٚرین ولەگەلمابن...نازانم بەهۆی سەرقالٚیەکانی ژیانەوە بوو یا دەست ڕانەگەشتنم بە شیعردا،... بەهەرحال دیسان ماوەیەك بوو شیعریٚك نەبوو کە تامەزرۆم بشکیٚنیٚت.. لەم ئیٚوارانەدا کە گەڕامەوە بۆمالەوە بەدەم چاوگیٚران بە لیستی ئیمەیلەکانمدا سەرەتاتکیٚیەکم کرد لەگەل مالٚپەڕەکانداو لەپڕ ئیدریس عەلی پەلی گرتمو ووتی نەڕۆی ئەوە لە کویٚت ؟ ... لەبەرخۆمەوە ووتم نەتکردبیٚ پیٚت وابیٚ لەپاش وەرگرتنی خەلاتی ڤیستیڤالی شیعر خویٚندنەوەی بنکەی گەلاویژ لەهەلەبجە ئیتر هەموو ڕیبوارەکان چاویان بڕییٚتە شیلەی شیعرەکانی تۆ ؟.., بەلام سەرئەنجام ملمداو کلیکی شیعرەکەم کرد . بەر لەخویٚندنەوەی هیچ ڕستەو کۆپلەیەکی شیعرەکە، چاوم بالافڕی نیگای ویٚنەکەی ئیدریس بوو... کەلەم وینەدا چاوی بڕیوەتە باخی هەنارەکانی گولاٚن هەروەك ئەوەی کە ؛ گویٚ لە تەقینەوەی لەناکاوی هەنارەکان بگریٚت ؛ بۆیە ئەوەم بەبیرداهات ئەوانەی کە نزیکەوە وەك من ئیدریس دەناسن ڕەنگە لەوەدا لەگەلما هاوڕابن کە ئەم ویٚنەش بۆ خۆی مەخزایەکی تایبەت بەخۆی هەیەو دەکریٚ لەنیگای نیوە تووڕەی ئەم گەنجەدا کۆمەلیٚك پرسیاری تر بخویٚنیتەوە. لەمەیان گەڕام وچووم بەلای شیعیرەکەوە ( سیٚو ڕیٚژ...)...بەلٚیٚ شیعرەکەم بەتەوای خویٚندەوە، خویٚندمەوەو جاریٚکی تریش خویٚندمەوە سەرئەنجام ئارەزوم دەکرد کە لینگی شیعرەکە بنیٚرم بۆ هەموو دۆستانم، بەخۆم ووت نا بریا گەلیك لە شیعردۆستان لەتام و چیٚژی ئەم شیعرە بەهرەمەند دەبوون....شاعیر لەم شاکارەدا بەدوای دلٚ ڕەقی (سیٚو ڕیٚژ) یٚکەوەیەو ئەوەی لەهەگبەیدایە دنیایە لەمۆسیقا، ئیقاع وستاتیکاو ویٚنەو ووشەو دەنگ ڕەنگ وفەنتازیای شیعری لەگەل خۆیدا هەلگرتووە. من خۆم بە ئەدیب نازانم دیارە کە مەبەستم لە لیٚکۆلٚینەوەو باسیکی تایبەت نیە بەلایەنە هونەریەکانی ئەم شیعرەوە ، جیاواز لەوەی کە وەك شیعردۆستیٚك هەق بەخۆم دەدەم بەجۆریك لە جۆرەکان بۆچوون و هەست و نەستی خۆم لە چەند ووشەیەکدا نیشان بدەم بۆ بەرهەمیٚك کەبەلامەوە جوانە . بۆیە بەش بەحالی خۆم پاش خویٚندنەوەی چەندجاری ئەم شیعرە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بوومەوە کە ئاخۆ،

**ئیدریس عەلی پاش قۆناغێکی تر لە درێژە دان بە ئەزموونی ئەم جۆرە لە شیعر نووسین چ خەلاتێکی نوێ لەجیهانی شیعر نووسینا بەدەست دێنێت ؟ بەلام تا هاتنەدی ئەو رۆژگارە خۆزگە ئەمجارەیان بەرلەوەی کە هیچ بنکەو دەستەو کۆرو کۆمەڵێك بیر لە دانی خەلاتێکی تر بکەنەوە بۆ ئیدریس، شاعیر خۆی پەلکێشی ئەو جێگەو رێگە بکردبایە کە شەقام وەها میداڵیکی لەبەرۆك بدەن . ئەمە توانایەکە کە من وەك خوێنەرێك لەپشت هێماو کۆدەکانی قەڵەمی ئیدریس عەلی یەوە دەیبینم . دەشکرێت لەبەر ئەوەی کەمن ئەدیب نیم بۆچوونەکەم بە هەدەر وەرنەگیرێت. ئەوەیان کێشەی من نیەو هەرنەبێ دەتوانم خوێنەرێکی باشی ئەم جۆرە شیعرانەبم بۆیە هەر لێرەوە دەڵێم ئیدریسی ئەزیز دەست خۆش و حەزم دەکرد ئەوەش بڵێم : ئای بریا ئێستە باوکم دەماو تەنیا یەك جار ئەم شیعرەکەی تۆم بۆ دەخوێندەوەو پاشان پێم دەوت : ئەرێ باوکە بەڕاستی ئێستەش هەر پێت وایە کە شیعر نووسین نەگبەتیە ؟**

12.12.2007

**لینکی شیعری سێو ڕێژ**

http://www.dengekan.com/doc/2007/11/edrisAli28.pdf